# هەڵوێستم بۆهەڵبژاردنەکان دەرهەق بەمرۆ ئەرکێکی مێژووی وپێشمەرگانەیە

**فەرەیدون حەمەڕەشید  سویسرا**
18.01.2005
Faraidun_73@hotmail.co

لەهەرپێگەوشوێنێکدا دەم لەئازادی بکوترێت باس لەچەمکەکانی دیموکراسی بکرێت.,بۆیەکلایکردنەوەی کێبڕکێ و ململانێ سیاسیەکان,دەنگدان وپرۆسەی هەڵبژاردن دەبێتەسەنگی مەحەک ,بەرئەنجامی سندوقی هەڵبژاردنەکان,بڕیار و ئایندەسیاسیەکان ڕەنگ ڕێژو دیاری دەکەن, لێرەشدا بەڕوونی مەبەست وئاماژەمان هەڵبژاردنەکانی عێراقە,کەمیدیاکانی جیهان بەپەرۆشەوە چاوەڕێی دەرئەنجانەکانی دەکەن,کەلەچەند ڕۆژی داهاتوو دەچێتە قۆناخی جێبەجێکردنەوە واتەکۆتایی ژەنیوەری 2005 ,.

بەشداریکردنی خەڵکی کوردستان لەم پرۆسەی هەڵبژاردنەدا,سەرەڕای دەنگۆی جیاواز لەسەرچوونەناوپرۆسەکەو, هەڵوێستەکردن لەسەرکەرکوک وناوچەبەعەرەبکراوەکان,

وە لەلایەکی تریشداپێداگری سەرکردایەتی سیاسی کوردلەسەرنەچوونەناوپرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکوک ,تائاسایی نەکردنەوەی باری دیمۆگرافیای ناوچەبەعەرەبکراوەکان ,,سەرئەنجام دوای چەندجار گفتوگۆی نێوان{ سەرکردایەتی سیاسی کوردوئەمریکیەکان,}و{کوردو دەسەڵاتی کاتی ناوەند}و وەرگرتنی بەڵێن ی ئاسیایی کردنەوە,و دامەزراندنی کۆمیتەیەک بۆجێبەجێکردنی برگەی 58 ی یاسایی کاتی بەڕێوبرنی عێراق,دوابڕیاری سەرکردایەتی سیاسی کورد بەشداریکردنی هەڵبژاردنەکانی لێکەوتەوە..بۆیەدەتوانین بڵێین ...

1, بەوفاکتەرەی ئەلتەرناتیڤی عەمەلی وڕۆشن بەدی نەکرا,2 بەوردبوونەوەی پرسەرنج لەهەڵوێست وپێداگری ئەمرکیەکان لەسەرپرۆسەی هەڵبژاردن, 3 بەلەبەرچاوگرتنی

هاوکێشەسیاسەکانی عێراق وناوچەکەبەرامبەربەکورد ,,لەتەکیشیدا ئامادەیی و ڕەزامەندی تێکرای پارت وڕێکخراوەکوردستانیەکان بۆچوونەناوپرۆسەی هەڵبژاردنەکان,

ئەوەدەسەلمێنێ کەبڕیارەکەی سەرکردایەتی سیاسی کوردبۆچوونەناوپرۆسەی هەڵبژاردن بڕیارێکی پۆزەتیڤ و وەڵامدەرەوەی ئەمڕۆی واقعی گۆڕەپانی سیاسی یە,,بەگاریگەری

ئەوفاکتەرە پرفشارانە.ڕێگەچارەکان ئەوەمان نیشان دەدەن,کەبەشداریکردنمان لەهەڵبژاردنەکان ئەرکێکی مێژووی وچارەنووس سازە,بۆئەوەی کورد نەکەوێتەپەراوێزی دیموکرا

سی وپرۆسەی هەڵبژاردنەکان لەعێراقدا,کەئەمەریکیەکان و ڕۆژئاوا پێداگرن لەسەر بەڕێخستنی ,بۆیەپێویستەشێلگیرانەوبەوویژدان وهەستی پڕلەلێپرساویەتی بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەین,بۆشەڕی دەسەڵات ومافەکانی خەڵکی کوردستان,بەپەرۆشەوەبچینەبەردەم سندووقەکانی دەنگدان وداکۆکی لەماف وداخوازیەکانمان بکەین,,تازۆرتین دەنگ بەقازانجی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیمان بەدەست بهێنین...

,تابیێتەدامەزراندنی فراکسیۆنێکی بەهێزی کوردی ,ولەشەڕی دەستووردا زۆرترین دەسکەوت بەقازانجی خەڵکی کوردستان وکێشەڕەواکەی بەدەست بهێنین, تاکاربۆگەڕنەوەی ناوچەبەعەرەبکراوەکان بۆسەرهەرێمی کوردستان بکات و,فراکسیۆنی داکۆکی کەربێت لەمافەکانی ژنان و بونیادی کۆمەڵگای مەدەنی ,ودەستەبەری تەواوی مافەکانی گشت نەتەوەو پێکهاتەکانی کوردستان بێت.,بۆیە بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکان تازۆرترین ڕێژە بەقازانجی فراکسیۆنی کوردی بەدەست بێنین ,ئەرکێکی پێشمەرگانەو نەتەوایەتی گشت خەڵکی کوردستانە......